## سەرکەوت رەسوڵ:

# شێرکۆ بێکەس ئەگەر کورد نەبوایە لەمێژبوو خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبوو



دیمانە: محەمەد گەلاڵەیی

*** ئەو کاتەی گەیشتیە وولاتی گوڵ(هوڵەندا) تووشی هەستێکی شۆك بوون نەبوویت، کە وولاتی تۆ لەکوێ‌و ئەوێ لە کوێ، بەشیعر دەرتبڕی؟**

سەرکەوت رەسوڵ: بەراستی تەعبیرکردن لەو ئیحساسە ئاسان نییە، بە تایبەتی زادەی ولاتێك لە ناو ئەو هەموو شەڕو شۆڕە ئەو زروفە تایبەتیانەی کە تێیدا هەڵقوولاوی، لەوێ خۆت بینیەوە لە ولاتێکی ئارام، کە بە ئارامگیریەکی سیاسی دەرواتن پەنجا ساڵە بەلایەنی کەمەوە خۆیان راهێنایە، لە کەمترین کێشە خۆیان دەپارێزن، کورد خۆیان لەناو ئەوروپا دەبینیەوە، ئیدی کورد بەسروشتی خۆی حەزی لە کێشەیە، کێشە دروستکردن یان گرفتاربوون، بەو مانایەی ئینسانی کورد ناتوانێت بەتاڵ دابنیشێت، کورد وتەیەکی هەیە:" شەڕ لە بەتاڵی باشترە" قسەیەکی زۆر قۆرە، عەقڵی هەموو کوردی داگیر کردووە، هەر هیچ نەکات شەڕێك دروستدەکات، شەڕ بە هاوسێکەی دەفرۆشێت، ئەو حاڵەتە شەڕانگێزیەی ناوخۆمان لە وێندەر خۆمان دووبارە دەکردەوە، بەسەراحەت لەوێ رێزی سەگ، منداڵ، ژن، پیاو هەموو بەهای خۆی هەیە، ئەو شتانە چین بە چین دروستبووە، زادەی مەعریفەیەکی ئەوتۆیە، ئێمە نەگەیشتینە ئەو راددەیە لەناکاو خۆت لە ناو ئەوان دەبینیەوە، وەکو ئەوە وایە لە ناو ئەشکەوتێك سێ سەد ساڵ تێپەری بێت هەموو شتەکان گۆڕابن، بە نیسبەت منەوە چاو هەڵێنانێکی نوێ بوو، راستە کۆمەڵێك ناخۆشیم دیت، تێنەگەیشتن‌و هەزمنەکردنی ئەو شارستانیەتەی ئەوێ ئەو گۆڕانکاریە تەکنەلۆجیانەی لەوێ هەیەو لێرە نیە، ئەوا تووشی شۆککردنت دەکات، بەراستی وام لێهاتبوو، دەستبەرداری ئەو ناسنامە رۆژهەلاتیە ببم لەو شەڕەدا بووم هەشت ساڵ شەڕی بە رۆژئاواییبوونم دەکرد، بۆیە نەمتوانی ناچاربووم بگەڕێمەوە سەر ناسنامە رۆژهەلاتیەکەی خۆم، بەلام بەدنیابینی‌و بە بۆچوونێکی نوێ.

*** لە دیدارێکت لە رۆژنامەی میدیا دەڵێیت:"رقم لە شاخە"بەلام تۆ زادەی سروشتێکی شاخاوی‌و رزگاربوونی نەتەوەیەك بە پەناگاکانی شاخ.چۆن ئەو بۆچوونەت هەیە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: سەیرم پێدێت شاعیرێك دەریای نەدیبێت، باسی چاوی کچێك دەکات، بینینی دەریا بۆ کەسی شاعیر زۆر گرنگە، تەعبیر لە دەریا دەکات، یەك لە کێشەکانی شاعیری کورد ئاوی نیە، یەك لە کێشەکانمان دەریامان نییە، هەتا لە لایەنی جوگرافیای کوردستانیش، ئەو هەستەی بینینی دەریا لە دیار دانیشتنی لە کەنارەکانی خۆشەویستی بکەی، چاو بگێڕی بەو نەورەسانەی کەنار دەریا، ئەمە هەستێکی تایبەتە دروست ناکرێتن، بەسەفەریش دروست نابێتن، دەبێ لەلای بژی من باسم لەوە نەکردووە، باسم لە مەفهوومی شاخەکان کردووە، خەڵکی ناو شاخەکان بە هەڵچوون ئیش دەکەن، خەڵکی لێواری دەریاکان هێمنترن. من باسم لەوە کردووە ئایا رقم لە شاخە یاخود لە دەریا؟ بەلام باسی ئەجوائەکانم کردووە لە چۆنیەتی ژیان‌و بیرکردنەوە باسدەکات، ئەوە قسەی مارکسە هی من نیە، کە چۆنیەتی ژیان، بیرکردنەوەو دروست دەکاتن، ئینسانی شاخ بە هۆی ئەو هەڵبەزو دابەزەی سەر شاخ‌و تەلانەکان‌و لەسەر ئەو بەرد بۆ ئەو بەرد رۆیشتن، تووشی هەڵچوونێکی دەروونی دەبێت، بێئەوەی هەستی پێبکات، بەلام خەڵکی لێوار دەریاکان، بە بەردەوامی ژیانێکی هێمنتر، بیرێکی رۆمانسیانەتری هەیە، دوور لەکاردانەوە بەسەر دەبات.

*** پێش ئەوەی بڕۆی بۆ هەندەران چەند کچت خۆشویستووە، چەند پەیمانیان لەگەڵ شکاندووی، تۆش چەند پەیمانی خۆشەویستیت شکاندووە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: بەبڕوای من لەسەرتاسەری پرۆسەی خۆشەویستی لە ژیانی مندا، باوەڕم بە خۆشەویستەك هەبووە بە تەنیا بژی، بەڵام ئەو سەردەمە نەما، سەردەمی فەرهادو شیرین نەما، ئەو پاکیزەیەیی سەردەمەکان دەچنەوە وڵاتی عەشق، قسەم زۆرە با میسالیانە تەمشای خۆشەویستی نەکەین، دەتوانم بڵێم،: دڵی پیاو کەشتیەکە وەك پەشێو دەڵێت: "شەمەندەفەرێکە یەکی تێدەکەوێتو یەکێ لێیدێتە خوارێ، بەڵام ئەوەی زۆرترینیان رێگەیان زۆر دوورە، پلێتەکەی خۆی وون ناکات دەمێنێتەوە، بە بڕوای من ئەوەی یەکەم مایەو ئێستاش تێدا دەژی" سەفەری خۆشەویستی من بەڕاستی کەس هەبووە لەگەڵم ژیاوە، من بێ خۆشەوستی ناتوانمو نەمتوانیووە هەردەم بژیم، هەردەم تارماییەك هەبووە بۆ خۆشەویستی، چەندوچۆنی لە خۆشەویستیو دەستنیشانکردنی زۆر باش نیە، لە بۆشتە تایبەتەکان ئێرە رۆژهەڵاتە، ئەگەر لە هۆڵەندا بواینە وەڵامێکیترم دەدایەوە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە پێشو پاش سەفەر خۆشەویستیم هەر هەبووە.

*** دەمەوێت ئەوە بڵێیت، کچان چەند پەیمانیان لەگەڵ شکاندووی؟**

سەرکەوت رەسوڵ: زۆر زۆر!

*** ئەی تۆش وەك ئەوان پەیمانەکەت شکاندووە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: بڕوا بکە کەسێکی مولتەزیم بوومە، بەڵام زۆر جاریش واقیعی ژیان واتلێدەکات قەرارێك بدەی بەدەست خۆت نیە، دەرچوونو هاتنەوەی من لەو بابەتەی تێدا بوو، پابەندبوونم دووپاتکردۆتەوەو جەختیشم لەسەرکردۆتەوە، بەڵام بەرامبەرەکەم پابەند نەبووە. لە هاتنەوەشم شتێکی لەو بابەتە هەبووە، شکاندنی ئەو پەیمانە هیچ بەدەست من نەبووە، بەردەوام هەستدەکەم بەرامبەرەکەم لە خۆشەویستی قەردار بکەمەوە، هەست دەکەم بە شێوەیەکی وەفا، تا پێم بکرێت وەفام لێدابچۆڕێتەوە، وەفای بەرامبەر بنوێنم، هەر دەبێ بەرامبەرەکەشم بێ وەفا بێ.

*** تۆ لە دووری وڵات بوویت، خۆشەویستی کوردستان، یان ئەوروپا خۆشتر بوو، واتا ئەو جیاوازیانە چین لەم رووەوە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: ئەمە بە رووکەشیانە وەڵامت دەدەمەوە، ئەڵێم:"ماچێکی بەدزی ئێرە، ناکاتە هەر کردارێکی سێکسی کە لە وێندەرێ دەکرێتن."ئەوە کورتبڕیە شتی تێیدا هەڵێنجە، ئەو پاکیزەیەی کچی کورد هەیەتی، بەڵام ئێستا لەبەر مۆبایل ئەو شتانە دەورێکی زۆر خراپ دەگێڕن، زۆر خراپ بەکاریدێنن، بەڵام پاکیزەیی کچی کورد لە لای من زۆر زۆر جوانترە لەوەی ئەو سەردەمی گلۆباڵە، چونکە خۆشەویستی ئەمرۆ بۆتە گڵۆباڵە، تۆ لەماڵەوە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دانیشتووی کچێك لە ئوستڕالیا قسەت لەگەڵ دەکاتن، ماچێکی ساردی وێب کامت بە (کامێرای کۆمپیوتەر) پێدەگات، هیچ تامێکی لێناکەی، جیاوازیەکەی ئەوەیە لەوێندەر رۆحەکان ساردن، جەستەکان ساردن، گەرموگوڕی خۆشەویستی ئێرەی پێوە دیار نیە.

*** تۆ چۆن خۆت گونجاند، لەگەڵ کۆمەڵگای هۆڵەندی بەهەموو کایەکانیەوە، بەتایبەتی لەڕووی ئەدەب، مەعریفەو فەلسەفەوە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: لەوێ ونبوونی ناسنامەیەك هەیە، زۆرجار بە برادەرەکانی خۆشم دەگوت، ئێمە لەهەردوو دین بووینە.! هەم لە ناسنامە رۆژهەڵاتیەکە، هەم بێ بەش بووینە لە ناسنامە رۆژئاوایی بوونەکە، ناتوانین ئەو رۆژهەڵاتیە بین کە لەوێ بووین، نە ئەو کەسە رۆژئاواییانە بووین کە تەعامولیان لەگەڵ دەکردین، پابەندی کۆمەڵێك شتی رۆژهەڵاتی، زۆر ورد نەماندەتوانی دەست بەرداری بین، لەوێشەوە کۆمەڵێك شت هەیە بە حوکمی واقیعەکە رۆژئاواییانە هەڵسوکەوت بکەین، بە بڕوای من ئەو شتە ئیزدواجیەت دروست دەکاتن، دەبێ خۆت یەکلای بکەیتەوە، یان ئەوەتا هەموو شەممەیەك، یەکشەممەیەك لەگەڵ برادەرەکان بچینە دیسکۆو هەڵپەڕین، یان کۆمەڵێك دەستوورو داب‌ونەریت هەیە لەوێ زۆر بە شتێکی ئاسایی وەردەگیرێت، تۆش بچیە سەر ئەو بیروباوەڕانە وەریبگریت، یانیش دەستبەرداری ئەو شتانە بیتو بگەڕێتیەوە وڵاتی خۆت، بەسەراحەت ئەوەی کە من قازانجم کردبێت لەوێ دیتنی کۆمەڵێك شت، ئەو گۆڕانکاریانە رۆتین نیە هەزار ساڵ دیموکراسیو شێوە ژیانی لیبراڵیانە هەیە، سۆسیالو سیستەمی بەڕێوەبردنی خەڵكو بەڕێوەبردنی گرفتەکان، لەوێ شێوەیەکیتر وەردەگرێت، ئەو دامو دەزگایانەی لەوێ هەنە هەمووی لە خزمەتی ئینسانە، راستە زۆر شت هەیە ئەگەر لەگەڵی نەگونجێی بەرنامەدارە وەکو دانەکانی تەسبیح وایە بەدوای یەك دێن، یەك قلی بپچرێ ئەوا تۆ ژیانت پچڕاو تەواو، ئەگەر لەوێندەر لە شەمەندەفەرەکە دابەزی تەواو دادەبڕێی بەڕاستی نامۆ دەبی نامۆ دەبی بەهەموو شتێك، کۆمەڵێك شت هەیە لە واقیعەکەدا گەمەت پێدەکات دەبێ زۆر یاریەکە زۆر بەلێزانی بزانی، ئەگەرنا پەراوێز دادەنیشی بە کۆمەڵێك شت، کە بۆت نیە قسەیان لەسەر بکەی، دەسکەوتت لە بۆیان نیە.

**زەکەریا پێی‌وتم زانیاریم لەسەر شیعر نیەو دەمەوێ پرسێکت پێ بکەم**

سەبارەت بەخۆم چۆنیەتی بینیی شیعرو ئەدەب، بەڕاستی شیعرو ئەدەبی ئەوێ زۆر دوا کەوتوونە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لە چاو ئێمە ئەوان قۆناغێکی تریان بڕیوە، تەماشای گۆرانیەکانیانم دەکردن و گوێم لێڕادەگرتن، وشەکانیان زۆر زۆر بەسیتە هەر دووبارە بوونەوەی وشەیە بەهەمان وشەیتر تەنیا بە ئیقاع نەبێت، بە کورتیەکەی دەمەوێ بڵێم: دونیای ئەوێندەر زیاتر بەرەو بۆدی هەڵکشاوە، بۆدی هەڵدەتەکێنێ، بۆدی دەجولێنێت، جەستە وەکو شەکڵ لێرە تا ئێستا لەگەڵ ناخی شتەکان تەعامول دەکەین، ئێمە ڕۆحمان حولحولیە ئیشمان پێدەکات دەمان جولێنێت، گۆرانیەکانمان ئەگەر تەئسیر لە ڕۆح و ویژدانمان نەکاتن قەبوڵمان نیە، لەوێندەر وانیە، لەو جۆرە گۆرانیانانە دەستبەردار بووینە، دەستبەرداری ئەوشتانە بووینە، کە ئازاریان پێدەگەینێت، بیناسێنێت و ناخۆشەکانیان پێ نەمر بکات، ئێمە زادەی نەمری ئەو شتانەینە، کە ئازاریان تێدایە، لەوێ زادەی ئەو نەمریەنە کە شتە خۆشەکانیان پێ دەبینین، بەکورتی وەك کاك بەختیار عەلی دەڵێت:"ئێمە یادەوەریمان، یادەوەریەکە ئازارمان بۆ دروستدەکاتن".

## هەردەم ململانێی شاعیران شەریفانەیە، هی هونەرمەندەکان شەریفانە نیە، چونکە نێوان هەندێك لە هونەرمەندەکان مامەڵەکردنیان لەگەڵ شەهوەت و پارەو دەستکەوتی مادیە

لەگەڵ زیاد ئەسعەد زۆر قسەمان دەکردو گفتوگۆمان دەکردو دەهاتە لام و تاوتوێمان دەکردو گۆرانکارییەك دروست ببوو لە بیرکردنەوەی زیاد، کە شیعری بەخۆی دەنووسی و زۆر یارمەتیمدا زۆر گفتوگۆی دەکرد لەسەر شتەکان ئەو بیروڕای خۆی بە من دەگوت بەپێچەوانەشەوە ئەو تێکەڵ بوونە ئەدەبیە هونەرییە لەوێ هەبوو، هەرچەندە سنوردار بوو ئەتوانم بڵێم بۆ من پڕ بەرهەم بوو.

*** تۆ شیعری گۆرانیت نووسیووە،ژمارەی ئەو تێکستانە چەندە کە داوتە بە گۆرانیبێژان؟**

سەرکەوت ڕەسوڵ: تائێستا (١٤٠) شیعرم کراوەتە گۆرانی، ئاخیر تێکستم کەکراوەتە گۆرانی "دوعا" بوو، بەدەنگی هونەرمەند "حەسەن غەفوور" لە وولاتی سوید بلاوبوەوە، ئێستا کۆمەڵێك بەرهەمم بۆهونەرمەندانی بادینان داناوە، ئەوانەی ئێستاش هاتوومەتەوە زیاتر بەمەنهەج ئیش دەکەم، مەبەستم ئەوەیە شیعری گۆرانی کوردی بەرەو ئاقارێکی تر ببەم، لە ناوەڕۆك و لەقوولی و لەکاریگەری کۆمەلایەتی لە گونجاندنی مۆسیقاو هەڵگرتنی ناوەڕۆکێکی باش، بۆ ئەوەی بتوانم پەیامێکی جوان بەخەڵك بگەیێنم، خۆم لەشتی پڕوپووچ و کۆمەڵێك شتی بێ مانا کە ئێستا لە شیعری گۆرانی کوردی دەبینرێت بپارێزم،ئەو دەقەی کە سەنگی نییە، بتوانم بۆی بگەڕێنمەوە.

*** بۆیەکەم جار کەی شیعرت بە هونەرمەندانی تاراوگە دا، چۆنیش لەگەڵیان ڕێکەوتی؟**

سەرکەوت ڕەسوڵ: زیاتر لەرێگەی ئەو پێشنەیە بوو، کە کاتی خۆی لەکوردستان کۆڕی شیعرم دەگێڕا، لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی شیعرم دەخوێندەوە، لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان شیعرم بلاودەکردەوە، شیعری گۆرانیم بۆ زۆربەی گۆرابێژان دەنووسی و سەرسامکردبوون، کۆمەڵێك گۆرانیبێژ بە حوکمی ژیانی ئەوێندەر، بەتەلەفۆن پەیوەندیان پێوەکردم و بەپێی پێداویستەکانی خۆیان داوایان دەکرد، بەڕاستی منیش تووشی حاڵەتێکی وابووم کە لام زەرورەت بوو، بڕیاری ئیشکردنمدابوو، سەرەتا وەکو یارمەتیدان و راوێژکردن بوو، هەروەکو برای بەرێزم کاکە زەکەریا عەبدوللا پەیوەندی پێوەکردم سەرەتا تەنها داوای لێکردم وپێی وتم:" دەزانم بێزاری لە گۆرانی بێژان، من داوای شیعرت لێناکەم تەنیا ئەوەنەبێ راوێژێت پێدەکەم، ئەو شیعرانەی دەیکەم بە گۆرانی، من زانیاریم لەسەر شیعر نیەو دەمەوێ پرسێکت پێبکەم" کەدوایی هەستم کرد لەرێگای دەنگی ئەو کورەوە ئەتوانم پەیامێك بنێرم، وردە وردە ئیشم لەگەڵ کرد، ئیدی ئەو بەرهەمانەی لێکەوتەوە، خەڵك ئێستا دەزانێ دوانزە گۆرانی ئەو لە شیعرەکانی منن. هەروەها

*** تەنیا خۆت بە شاعیری گۆرانی دەزانی یان شاعیرێکی شمولی؟**

سەرکەوت ڕەسوڵ: خۆم بە شاعیرێکی شمولی دەزانم بە حوکمی ئەوەی ئەزموونی شەخسی خۆم هەیە، کۆمەڵێك قەسیدەی جوانم نووسیوە، ئینشائەللا بەم زووانە دەکەوێتە بازارەوە خەڵك ئازادە بە شاعیری گۆرانی هەڵسەنگێنێت یان بەو ئەزموونە کەسایەتیەی خۆمەوە کە نووسیونم، کە شیعری سەردەمیانەی فۆرمی قورس و زمانی قورسە، بەبڕوای من شاعیر ئەو شاعیرەیە کە بەهەموو تەکنیکێك شیعر دەنووسێت، خۆش بەختیەکەی من ئەوەیە کە شوهرەتێکم بە شیعری گۆرانی بەدەست هێناوە.

، بەلام بەدبەختیەکەم لەوەدایە کۆمەڵێك ئەزموونی جوانم هەیە لە پاڵ شیعری گۆرانی نەناسراوەو بلاونەبۆتەوە، خەڵك هەیە بەو لایەنە منی ناسیووە هەر بەتوانای شیعری گۆرانی منی ناسییوە بەبڕوای خۆشم غروری نیە، بەلام دەتوانم بڵێم لەبواری دیکەی شیعردا ئەسپی خۆم تاوداوە، لە نووسینی قەسیدە یەك لەوشتانەی لە ژیانی خۆمدا فەخری پێوە دەکەم قەسیدەی "فاتە شێتە" کە لە( ١٩٩٤) بلاومکردۆتەوە، یاخود ئەو پێشانگا شیعریەی

ساڵی( ١٩٩٥ )له کۆلێژی پەروەردە لەسەر قەڵای هەولێرم کردەوە، قەسیدەو تێزی تێدابوو کە بەلای من لە ناوەندە رۆشنبیریەکە شتێکی نوێ بوو.

*** چۆن کەوتیە ژێر کاریگەی بیری پەکەکە، یەکێ لە کەسە کاریگەرەکانی ناو یەکێتی نەتەوەی کوردستان بوویت؟**

سەرکەوت رەسوڵ: پێم باش نییە قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکەین، داوای لێبوردن دەکەم‌و تەجروبەیەکی تاڵ بوو.

*** بۆ بە یەکجاری گەڕایتەوە کوردستان؟**

سەرکەوت رەسوڵ: یەك لە سیفاتەکانم خۆگونجاندنە، یان هەزم کردنی ئەو واقیعەیە کە تێیدا دەژیم، لە هەر جێگایەك بم شەش مانگم پێویستە کەرەستەکانی کاریگەری دەوروبەرەکەی خۆم بەسەر خۆم بزانم تا چەند بەرێرەوەکانی دەم هاژوات، بەڕاستی هاتنمەوە بۆ کوردستان لەو واقیعەیەوە دێت کە کۆمەڵێك شتی نەگونجاو بوو، نەشازو دەیان بینم‌و هەستیان پێدەکەم، کۆمەڵێك شت هەیە کار لەمیزاجم دەکات هەوڵم لەبۆی دانایە ئەگەر وابێت تا ماوەیەکی دیاریکراو رەنگە دەستبەرداری ببم و بچمەوە وڵاتێکی دیکە. بەڵام تا ئێستا دوو ساڵە خۆم گونجاندیە، خۆگونجاندن جیاوازە لەگەڵ چۆنیەتی گوزەران‌ولەمانای گوزەران، ئەو گونجاندنە لەوە دەبینیتەوە کە بەراستی خۆم بەبەشێکی جیاواز نابینم لە ئاست کۆمەڵگای خۆمەوە کە هەندێ شت لەناوی پێشنەکەوتووە هەوڵی ئەوەمداوەو هەوڵئەدەم ئەو قازانجانەی خۆم بە کۆمەڵگای خۆم رابگەیێنم، ئەگەر هاتە ئەو ئاستەی کە من دەمەوێت ئەو کاتی منیش رێرەودەکەم، ئەگەر نا دەستبەرداری دەبم‌و وەکو چۆن پێشتر دەستبەرداری بووم، نە وڵات بەبێ ژیانی رادەوستێت، نە ژیانی منیش بێ وڵات رادەوستێت.

*** ئەو کچانەی لە زانکۆ لەگەڵتان یاخود هاوپۆلەکانت، زۆر جار سەغلەتت ناکەن بەوەی شیعریان بۆ بنووسی؟**

سەرکەوت رەسوڵ: جا نەك هەر ئەوە بەڵکو داوای پەیوەندیشیان لێکردووم، بەڵام زۆر سەیرە تۆ خۆت بناسی بەڵام بەرامبەرەکەت تۆ نەناسێ، هەروەکو ئەهلی مێگەل تەماشات بکات، بەڕاستی بۆمەعریفەیەکی زۆر تایبەت گەڕامەوە زانکۆ، من زۆر جار لە مامۆستایەتی بێزارم قەت نامەوێ مامۆستایەتی لەسەر کەس بکەم، دەمەوێ بەردەوام قوتابی بم بەردەوام شت فێرببم‌و وەریبگرم، هەشت ساڵ بوو لە زمانی کوردی دابڕابووم کە هاتمەوە زانکۆ شێوازی دەرس ووتنەوەو زمانی کوردی کە ئێستا زۆر بەوێرانی دەبینم، زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو زانکۆم زۆر مەحدوودە، پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵێك تەڵەبە هەیە زۆر جار هەیە لە ئاست ئەوان قسە دەکەم‌و پێدەکەنم‌و هەڵسوکەوت دەکەم بەبێ لەدەستدان‌و لەبیرکردنی ئەوەی کەکەسێکم حەسابم لەبۆ دەکرێتن، لەسەرەتادا قورس بوو کەمن خۆم بگونجێنمەوە، لە ناو کۆمەڵگای زانکۆ کە دەبینم ئەو قوتابیانەی لەگەڵ خۆمدا بوون، هەموو بووینەوە مامۆستاو دکتۆری زانکۆو دەرسم پێدەڵێنەوەو هەزمکردنی ئەو شتە بۆم قورس بوو ، بەو واقیعە زۆر زۆرم پێخۆشە بە ساکاری بژیم، یەك لەو تەبعانەی من ئەوەیە بە ساکاری دەژیم، حەزیش دەکەم ساکاربم‌و ژیانی ئەوروپاش ئەوەی تێگەیاندم کە ئینسانم.



*** بێجگە لەدەوروبەر، کاریگەری چ شاعیرێکت لەسەر بووە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: دوو کاریگەری هەیە کاریگەری هەڵسوکەوت‌و هەڵوێست هەیە، کاریگەری ئەدەبی هەیە لە تەکنیك‌و لەبیرو بۆچوون‌و چۆنیەتی نووسین، بەڕاستی لەنووسینی هەڵسوکەوت، کۆمەڵێك شت لەلای من ستاندارێك هەیە ئەویش "عەبدوڵلا پەشێو" سەرەتا زۆر کاریگەر بووم بەسێ شاعیرو بەرهەمەکانیانم دەقۆستەوە یەکەم "پەشێو" دووەم "شێرکۆ بێکەس" سێیەم "لەتیف هەڵمەت" بیروڕای ئەو سێ کەسە کاریگەری خۆیان هەبوو لەسەر نەشونماکردنی ئەدەبی من لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانمدا، زمانی شیعریان‌و شێوازی بیرکردنەوەی ئەوان بۆ ژیان کاریگەری لەسەر من هەبووە، بەتایبەتی قۆناغی شێرکۆ ئەوکاتەی لە شاخ بوو زۆر دەمخوێندەوە، هەر شیعرێکی بڵاودەکرایەوە دەبووایە بیخوێنمەوە، لەهەولێر دەچوومە سلێمانی بۆ شیعرێکی کە

بەدەست نووس بڵاودەبۆوە، لەرووی هەڵوێستو چۆنیەتی ژیان من ئەمەتی ژیانی پەشێوم لەلا زۆر جوانە، هەردەم بەپێوەری دادەنێم لەرووی تەکنیك و هەڵبژاردن و ووشەو فەرهەنگو یان دەستەواژە، شێرکۆ بە مامۆستایەکی دەزانم، رۆژبەرۆژ بخوێنم لێی تێرنابم، هەرچەندە شێرکۆ پاش "دەبەرندی پەپولە" جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ئێستا دەیبینم، شێرکۆ ئەزموونی زۆر گەورەو فراوانە، بەراستی ئەو شاعیرە لەمێژبوو ئەبوو خەڵاتی نۆبڵی وەربگرتایە، شێرکۆ بێکەس ئەگەر کورد نەبوایە لەمێژبوو خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش من کاریگەرم بەکەسایەتی "پەشێو" زیاترە جگەلەوەش من "فەرەیدوون" دەمجوڵێنێت، هەروەها لە شیعرەکانی بەختیار عەلی دەترسێم نەوەك بکەومە ژێر کاریگەری ئەو لەبەرئەوەی سەنگیو مەحەکی بە شیعرەکانیەوە دیارە.

*** لەبەرچ هۆکارێك لە شیعرەکانی بەختیار عەلی دەترسێیت؟**

سەرکەوت رەسوڵ: بەراستی زمانێکی ئەفسوونی هەیە، زمانی شیعرێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆمن کە شت دەنووسم نامەوێت لە شیعرەکانی قوڵببمەوە ، چونکە کەم بەرهەمو دەقی هەیە تۆ بیخوێنیتەوە بەسەلامەت بەسەریدا برۆیو کاریگەری لەسەرت بەجێ نەهێڵێ، بەڵام زۆر جار هەست دەکەی کە قورسایی زۆر کاریگەر دەکەوێتە سەربەرهەمێك تا بەرهەمێکی تر، یەك لەو شتانەی هەستم پێکردووە لە خوێندنەوەی شیعری "بەختیار عەلی" بەتایبەتی من لە ناو ئەزموونی نووسینی قەسیدەی دورو درێژ خۆی لێدەپارێزم، قەسیدەی "مەولانە" کە ئێستا ئیشی تێدا دەکەم، ئیشکردنەکەی من بەهەمان ئاراستەی بەختیارە بەڵام نامەوێت کەرەستەی موفەرەداتو تەکنیکی ئەو کاریگەری لە من بکات، خۆپاراستنێکە زۆر ئیجابیە مانای ئەوەنیە بەختیارم نەخوێندبێتەوە.

*** ئەو ململانێیەی نێوان شاعیران لە ئێستاو رابردودا چۆن تەماشا دەکەیو هەندێ جار هەبووە دوو شاعیری گەورە ململانێیەك لە نێوانیان هەبووە ؟**

سەرکەوت رەسوڵ: هەردەم ململانێی شاعیران شەریفانەیە، بەڵام هی نێوان هونەرمەندەکان شەریفانە نیە، چونکە نێوان هەندێك لە هونەرمەندەکان مامەڵەکردنیان لەگەڵ شەهوەتو پارەودەستکەوتی مادییە، بەردەوام ئامرازەکانیان ناشەرعینە، بەڵام ئامرازی شاعیران شاعیرانەیە، هەستو سۆزو خۆشەویستیە راستگۆییە هەڵوێستەو کۆمەڵێك شتی جوانکاری ستاتیکییە، هەروەها ئەو شەرەی لە نێوان "شێرکۆ بێکەسو عەبدوڵڵا پەشێو"دا هەیە کەچی لەراستیدا نیەو دروستکراوە ئەگینا خۆشەویستیە، تەماشا "کەژاوەی گریان" بخوێنەوە لەگەڵ "شەمامەی" ئاراستەی یەکتریان کردووە، ئەوپەری خۆشەویستیو راستگۆییە، لەنێوان دوو شاعیری ئەو سەردەمی گەنج بەبڕوای من بەراستگۆییەوە ئەمانەتی ئەدەبی کوردیان لەسەر شانی خۆیان تێپەڕاندووە، من دەڵێم قەت دژی یەکتر نین، نەخێر تەواوکەری یەکترینە.

*** چۆن شیعر دەدەیت بە گۆرانی بێژان لەسەر چ پێوەرێکی مادیو هونەری؟**

سەرکەوت رەسوڵ: پرۆژەیەك هەیە لە ئینەتەرنێت بڵاوکراوەتەوە، چەند مەرجێکم هەیە بەراست ئامانجیش لەمە چەند شتێکە یەك: تائێستا هەقم خورا بوو،لەگەڵ هونەرمەندەکان هیچ ئیعتبارێکی ماددیان بۆمن دانەدەنا، هیچ پاداشتێکم وەرنەگرتبوو، من شەونخونی پێوەدەکەمو شتێکی خۆمە، دووەم: خۆپاراستن لەهەندێك گەندە گۆرانیبێژ کەداوای گۆرانیم لێدەکەن، با بچێت مەرجەکانم بخوێنێتەوەو ئەو مەرجانەی پێ قەبوڵ بوو، ئەوکاتیش چەند مەرجێکی زارەکی هەیە پێی دەڵێم، دەنگی چۆنە سازیو ناسازیو بیرکردنەوەو پەیامی چیەو چی دەوێتو چ بکاتو تاچەند دەیەوێت هەقی بداتو کۆمەڵێك شتی تر هەیە لە پرۆژەیەك بڵاومکردۆتەوە لە سایتی پەیامنێرو چرا میوزیك، ئەمانە مەرجی ئەساسین من ئەمەوێت هونەرمەند بەمانای ووشە هونەرمەند بێت، هونەرمەند ناکرێت هونەرمەندانە نەژێت، ئەگەر پەیامێکی هونەری نەبێت، ئەگەر درکی بەکۆمەڵێك شت نەکردبێت، مەعریفەیەکی هونەری نەبێت زەحمەتە مامەڵەی لەگەڵ بکەم، لەهەندێ هونەرمەندیش پەشیمان بوومەوە کە شیعرم پێداون.

*** لەکام هونەرمەند پەشیمان بوویتەوە؟**

سەرکەوت رەسوڵ: ناتوانم ناویان بێنم، بۆ ئەوەی نەرەنجێن.

*** کەمتر نووسینی ئەدەبیو رەخنەی ئەدەبیت دەبینم؟**

سەرکەوت رەسوڵ: بەبڕوای من نووسین تەرخانکردنی بەشێکە لەو کەرەستانەی لەناو شیعر دەیخوازیو دەیهێنێ لەرەخنەیەك سەرفی دەکەی، بۆنموونە زۆرکەس داوای لێکردوومە لە گۆفارو رۆژنامە دیارەکان گۆشەیان بۆ بنووسم، بەڵام من پێم وایە گۆشە نووسین لێك گرتنەوەی شیعر نووسینە، بەکورتی نامەوێ تووشی نەزیف ببم، هەوڵی رەخنە گرانەی خۆم هەیە بۆ نموونە : ئەو چەند زنجیرەی لە هونەرستان لەسەر هونەرو بەرهەمی هونەری زەکەریاو زیاد ئەسعەد بڵاوبۆتەوەو ئەوانە سەنگی مەحەکن. کە تاچەند قەڵەمی رەخنەم بەکارهێناوە، بۆ زانیاریت لێکۆڵینەوەی دەرچوونم لە کۆلێژ لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەگرانەیە لەسەر شیعری ئێستای گۆرانی کوردی کە پلەی نایابم بەدەست هێناوە، هەوڵدەدەم پاش ئەمە پێداچوونەوەیەکی پێدادەکەمو کۆمەڵێك خاڵی لەسەر زیاد بکەم، پاشان لە کتێبێك بڵاویدەکەمەوە.

*** وەك بۆت باسکردم بیرۆکەی شیعر خستنە سەر سیدیو خوێندنەوەی لەلای جەنابت سەریهەڵداوە، ئەمە چۆن بوو؟**

سەرکەوت رەسوڵ: ساڵی ١٩٩٨ کە بەئاشکرا باسم لەگەڵ کردبێت زەکەریا عەبدوڵڵا بوو، کە ئەو داوای کرد دەنگێکی بۆ بنێرم بۆ شیعرێك ئەو لەسوید باگراوندی مۆسیقی بۆ بکاتن ، پاشان پێم نەکراوو بیرۆکەکە لەلایەن چەند کەسێکی تر قۆسترایەوە، پێشم خۆشە بزانی ئەمە لەچیەوە سەرچاوەی گرتبوو، کاتێ چوومە ئەوروپا لە یۆنانو ئیتاڵیا سەردانی تۆمارگاو کتێبخانەکانم دەکرد تێبینی ئەوەم دەکرد شاعیران بەدەنگی خۆیان لەسەر سیدی شیعرەکانیان تۆمارکردووەو خراوەتە ناوبەرگێكو لەگەڵ دیوانە شیعرەکەی دەیفرۆشنو لە ناو کورددا من خاوەنی بیرۆکەکەم کە پێشتر نەکرابوو.

بەشی دووەمو کۆتایی